# نیگەرانی



## ئەی مەلی ئازیز

ئەی مەلی ئازیز
حەزمدەکرد وەک تۆ بوومایە
تۆ هیچ خەمت نییە و گوێ نادەیتێ، قەڵەویت، یان لاواز
تۆ هیچ خەمت نییە و گوێ نادەیتێ، کێ هەڵبژاردنی داهاتوو دەباتەوە
پارتی چەپ، یان پارتی ڕاست
تۆ هیچ خەمت نییە و گوێ نادەیتێ، پاس جێتبهێڵێت و نەتگەێنێتە ناوەڕاستی شار
تۆ هیچ خەمت نییە و گوێ نادەیتێ، زەوی تای لێهاتووە! خۆ هەڵەی تۆ نییە
تۆ هیچ خەمت نییە و گوێ نادەیتە، نە مرۆڤ و نە گوڵیش
تۆ تەنها بۆخۆت بێ خەم دەفڕیت
حەزمدەکرد وەک تۆ بوومایە
ئەی مەلی ئازیز.

«نیگەرانێکی تەمەن 14 سالان»
سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، ( Aftenposten, si; d) 2012/08/27 ئۆسلۆ، نەرویج

www.p4ckurd.net

**ئەندێشەی فڕین**

ئەندێشەی فڕین، یەکێکە لە کۆنترین خەیاڵات و ئەندێشەی مرۆڤ. کەس نازانێت، کەی و لەکوێ و کێ، یەکەمجار ئەندێشەی فڕینی کردۆتە خولیای سەر. بەڵام کاری یۆنانییە کۆنەکان ڕاست بێت، ئەوان لە ئەفسانەکانی خۆیاندا باسیان لەم ئەندێشە و خەیاڵاتانە کردوە و ناوی کەسێکیان هێناوە، «دایدالۆس» کە گوایە بۆ یەکەم جار، ئەم ئەندێشەیەی کردۆتە کردار و فڕینی ئەزمونکردووە.




دایدالۆس، دوو باڵی بۆ ئیکارۆس دروستکرد و فڕینی ئەزمونکرد

(دەتوانیت زیاتر لەم بارەیەوە لە کتێبی متیۆلۆجیای یۆنانی، نووسینی ئێریک ئێریکسن، لەم ماڵپەڕە، لە بەشی کتێبدا بخوێنیتەوە.)

دواجار مرۆڤ توانی ئەم ئەندێشەی فڕینە لە فڕۆکەدا بەرجەستە بکات؛ نەک هەر فڕۆکەی ئاسایی، بەڵکو فڕۆکە گەلێک، کە خێراییەکەی دوو هێندە و سێ هێندە و بگرە تا شەش هێندەی خێرایی دەنگە. (خێرایی دەنگ = 334 مەتر لە چرکە، یان 1238 کم لە سەعات)

فڕۆکە

گەرچی زۆر لەمێژ بوو، مرۆڤ لە  هەوڵی داهێنانی هۆکارێکدا بوو بۆ فڕین، هەندێک یەکەم بیرۆکەی فڕۆکە دەگەڕێننەوە بۆ  لیۆناردۆ دا ڤینشی.



لیۆناردۆ دا ڤینچی (1452 – 1515)

Wilbur & Orville Wright بەڵام «برایانی ڕایت»، (ویلبر و ئۆرڤیل ڕایت)، لە1903/12/17 دا توانییان بۆ یەکەمجار، بەسەرکەوتوویی، فڕۆکەیەک بە ئاسماندا بفڕێنن.



ویبور ڕایت (1867 – 1912) ئۆرڤیل ڕایت (1871– 1948)

**گۆران**



گۆران (1904 - 1963)

لێکچوونێک لە نێوان ئەم شیعرەی ئەم منداڵە و شیعری «بۆ بولبول» ی گۆران دا هەیە. لەبەرئەوەی شیعرەکەی گۆران درێژە، تەنها ئەو کۆپلانە، کە زۆر لە شیعرەکەی ئەم منداڵەوە نزیکە، دەخەینەڕوو.

بۆ بولبول

ئەی باڵداری ئێسک سووک
بولبولی دەنوک بچووک
باخچە بە باخچە ئەفڕی
وچانێکی لێ ئەگری
کام سەرچڵ دڵت گرتی
دەنگی لێ هەڵئەبڕی
کام ئاوازە شیرینە
ڕووناکی و نەشئەی ژینە
بەچوار دەوریا ئەپژێنی
دنیا پێ ئەکەنێنی
منیش لای خۆم هەمیشە
شیعرم کردوە بە پیشە
شیعری من کامیان چا بێ
ئەمجا بێ فرمێسک نابێ
هەر خەمە و هەر هەناسە
یادە و فرمێسک و تاسە
منیش دەروونم شاد بێ

ملم لە بەند ئازاد بێ
دەوروپشتم گوڵزار بێ
عومرم یەکسەر بەهار بێ
پەرداغی ئاوم گوڵ بێ
جێی حەسانەوەم چڵ بێ
عەشقم وەک عەشقت پاک بێ
پڕ لە هیوا و ڕووناک بێ
.................................
منیش ئەی مەلی پیرۆز
بەیەک چیرەکەی پڕ سۆز
بەستەی وات بۆ ئەخوێنم
کە جوان جوان بیلەرزێنم
ڕووی کام گۆم شین و مەنگە
کام درەخت شۆخ و شەنگە
کام شاخ، کە سەخت و بەرزە
بیخەمە بومەلەرزە
کام ئاسمان بێ بنە
ناخی پڕکەم لە شنە
.................................
بەڵام داخی داخانم
من مەل نیم و ئینسانم
ئێمە عومرمان تا سەر
ئەندێشەیە و دەردی سەر
ترسە و تاسەیە و پرسیار
یەک لە شوێن یەک، سەدهەزار
بۆچی زاین؟ کەی، چۆن ئەمرین؟
چیمان لێ دێ، کە مردین؟
چی ڕاستە؟ چی درۆیە؟
کام شت ئەنجام؟ کام هۆیە؟

یان تەنانەت بۆچ ئەگرین؟
فرمێسک لە چاو بۆچ ئەسڕین؟
ئیتر لەم چەشنە پرسیار
یەک لە شوێن یەک بە قەتار
ئەمیان یەخەمان ئەگرێ
جوابی ئەممان پێ نادرێ
ئەوی تر دێتە پێشێ
ورد ورد گیانمان ئەکێشێ
ئەی بولبول هەژار خۆمان
بێ دەستەڵات، پڕ گومان
بەدەشتی ژیانا وێڵین
لەو جێگایەی جێی دێڵین
هەچ کوێ ئەچین بیابان تر
جێگای ترس و گومان تر
ئەی وەستای بەستەی شیرین
ئێمە هەتاکو ئەمرین
یا ئەپرسین، یا ئەگرین
ئیتر چلۆن بخوێنین

دیوانی گۆران، (بەرگی یەکەم. کۆکردنەوەی: محەمەد مەلا کەریم) چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق 1980. لاپەڕە 103 تا 108

**چەند پرسیار**

- مرۆڤ چۆن دەزانێت، کە باڵدار و مەل، هیچ خەمیان نیە و بە ئازادی دەفڕن؟
- بۆچی مرۆڤ «بۆ نمونە، ئەو منداڵە 14 ساڵانە و گۆرانیش» خۆیان بە بولبول دەشوبهێن و دەخوازن وەک بولبول بن؟ خۆ بولبول چەندان باڵندە (باز، واشە، هەڵۆ، داڵ، قەلەڕەش) و چەندان دڕندە (پشیلە، ڕێوی، چەقەڵ و... ) و بخۆر، یان «دوژمنیین» بۆچی خۆیان بە باز، یان داڵ نەشوبهاندووە، خۆ ئەوانە هیچ بخۆر، یان دوژمنێکیان نیە و هیچ زیندەوەرێک پێیان ناوێرێت؟
- ئایا ئەمە مانای ئەوە دەدات، کە مرۆڤ، شەیدای دەستەڵات و هێز نییە و وەک بولبول بێ زیان و

ناسکە؟ خۆ بولبول و باڵندە ڕەنگالەکانیش، بەگژ یەکدیدا دەچن و شەڕەدەنووک دەکەن!
- منداڵە نیگەرانەکە، دەنووسێت:
«تۆ خەمت نیە، کە پاس بەجێتبهێڵێت و نەتگەیێنێتە ناوەڕاستی شار»
- گەر ئەو منداڵە لە شوێنێکدا بژیایە، کە پێویستی بە هاتوچۆی پاس و ناو شار نەبوایە، ئایا ئەوە دەبوو بە مایەی خەم و نیگەرانی بۆی؟
لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرسیارەی پێشوو، دەکرێت بپرسین، کە:
- ئایا ئەوە ژینگە (دەوروبەر) و شێواز و بارودۆخی ژیانی مرۆڤە، کە هەستیار و نیگەرانی دەکات، یان مرۆڤ هەر بە سروشت نیگەرانە؟

نیگەرانی، خەسڵەتی بوونە. کێشەی نیگەرانی کێشەیەکی فەلسەفییە و هێندەی مێژووی هزر کۆنە. هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە، فەیلەسوفان و هزرمەندان سەرقاڵی ئەم کێشە فەلسەفییە بوون و کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێکیان، نیگەرانی بە بەڵگەی هەست بە بوونی خۆکردن. لەکن مرۆڤ دابنێن. ئەم منداڵەی ئەم شیعرەی نووسیوە و خۆی ناوناوە نیگەران. گۆرانیش هۆی ئەوەی کە شیعر و نەغمەکانی هێندەی ئەوانەی بولبول (گیانسم و هۆشمژ) نین، نیگەرانی و گومانە.

منداڵەکە، «قەڵەوی و لاوازی، پارتی ڕاست و پارتی چەپ، کێشەی هاتوچۆ، گەرمبوونی زەوی»، گۆرانیش «ئازادبوونی مل لە بەندی، دەوروبەری گوڵزار، پرسی ژیان و مردن، ترس و گومان، بێ دەستەڵاتی»، مەبەست بێ دەستەڵاتییە لەهەمبەر ئەو پرسانەدا، نەک دەستەڵاتی سیاسی!، پرسین و گرین، وێڵبوون بە دەشتی ژیاندا و ... کردۆتە نیگەرانی و پرس، دەکرێت بپرسین:

- ئایا مرۆڤ لەچی نیگەرانە؟
- ئایا ژیان گشتی نیگەرانییە؟
- ئایا ئەگەر نیگەرانی نەبێت، مرۆڤ هەست بە بوونی (فەلسەفیانەی) خۆی دەکات؟
- بۆ دەبێت مرۆڤ پرسیار بکات؟
- گەر پرسیارکردن نەبوایە، ژیان ئاسانتر دەبوو؟

تێبینی:
نیگەرانی= پەرۆشی/ لەخەمدابوون، جودایە لە دڵەڕاوکێ و خەمباری.

www.p4ckurd.net